کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-5-2007 19:30  بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

-بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان
- بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
- بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
-رێکخراوە کانی کۆمەڵگای مەدەنی

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە ناوچەی (بەعشیقە) کچێکی 17 ساڵەی یەزیدی بە ناوی (دۆعا) بە بیانووی شەرەف پارێزی لە لایەن کۆمەڵە کەسێکەوە بە شێوازێکی زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە بەردباران کرا و بووبە قوربانی دەستی کەلتووری دواکەوتووانەی زاڵ بە سەر کۆمەڵگا. ئەم کارەساتە بە ڕادەیەك ترسناك بوو کە بە تەواوی ویژدانی کۆمەڵگای هەژاند. دیارە ئەمە یەکەم جار نیە کە ئافرەت بەم جۆرە دەبێتە قوربانی کەلتووری دواکەوتووانەی ژنکوژی لە کۆمەڵگادا،بۆیە ئێمە وەك (رێکخراوی پەرەپێدانی رۆشنبیریی مافی مرۆڤ) وێڕای مەحکووم کردنی ئەم کردارە قێزەونە، دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی نارەزایی هەموو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و داوا لە لە لایەنە بەرپرسەکان دەکەین:

1-ئەنجامدەرانی ئەم رەفتارە نامرۆڤانەیە بدرێنە دەست یاسا و هیچ جۆرە دەست تێوەردانێکی لێکۆڵینەوە یاساییەکان نەکرێ و تاوانەکە بە بیانووی جۆراوجۆر پەردە پۆش نەکرێ.
2-سنوورێك دابنرێ بۆ رەفتاری نائینسانی ژنکوژی لە کۆمەڵگادا کە بە داخەوە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێ و ئەم کارەساتە بکرێتە سەرەتای هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ کۆتایی هێنان بە کردەوەی نائینسانی کوشتنی ئافرەت بە بیانووی نامووس پارێزی.
3-ئەم کردەوەیە نەکرێتە ئامرازێك بۆ وروژاندنی هەستی دەمارگیریی ئایینی و نەتەوەیی لە ناو کۆمەڵگا و بەڵکوو ئەم ڕووداوە وەك تاوانێکی دژ بە مرۆڤ و پێشێلکارییەکی یاسایی سەیر بکرێ بە دوور لە ئینتمای ئایینی و نەتەوەیی و... یاسا ڕێڕەوی خۆی وەربگرێ.
لە کۆتاییدا بانگهێشتی هەموو کەس و لایەن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بە تایبەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین لە ئاست ئەم تاوانەدا بێدەنگ نەبن و بە هەموو شێوازێکی مومکین دەنگی نارەزایی خۆیان بەرز بکەنەوە.

ڕێکخراوی پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی مافی مرۆڤ (HRCDO)
هەولێر 30/4 /2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.